www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 12:46 2006 -9 -26

# یاداشتنامە و هەڵوێست ...زۆر درەنگە بۆ ناڕەزایی.. گروپی هونەرمەندانی ناڕازیی

لەپاش هەموو ئەو هەنگاوانەی لەچەند ساڵی ڕابردوو نراون بۆ هێنانەکایەی ڕیفۆرم و گۆڕانکاری بنچینەیی لەنێو (یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان) و (سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان) . بەڵام نائومێدی ئاکامی هەموو هەوڵەکان بووە.
مانەوەی ئێمە لێرە ئالەم گۆشە تاریکەی زەمیندا مانای ئەوە نییە بەم هەموو گەندەڵییە قایلین، ناشبینە بەشێك لەسەرگەردانییەکانی. بەڵکو (نا) یەك کە دەبێت بووترێت ئێمەی هێشتۆتەوە.
ئێمە لەهەوڵەکانی ڕابردوودا و ئێستاش شەڕی بەردەواممان لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەدا لەپێناو گۆڕاندا بووە:
لە ڕێکخراوێکی سستەوە بۆ ڕێکخراوێکی کارا
لە گەندەڵەوە بۆ سیستماتیزەکراو
لە پاشکۆی حیزبەوە بۆ ڕێکخراوێکی ئازاد
لەماڵی خێر و سەدەقەوە بۆ ماڵێك هونەر هەناسەی تێدا بدات
لە ماڵی جەهلەوە بۆ ماڵێك حورمەتی عەقڵی تیا بگیرێت
لەمۆڵگەی بی هەڵوێستییەوە بۆ ماڵی شێلگیری و بەشداربوون لەو بڕیارانەی پەیوەستەبە ژیانی خەڵکەوە
لە ماڵی گوێڕایەڵی و فەرمانەوە بۆ هەواری دیالۆگ و کرانەوە
ئێمە تەواو نائومێدین لەوەی هیچکام لەم گۆڕانکاریانە ڕوبدات و ئەو ڕێکخراوانە هەنگاوێك بەرەو مەدەنیەت و کرانەوە بنێن بۆیە:

1- لەبەر ئەوەی هیچ شەرعییەتێکی یاسایتان نەماوە، بفەرموون ماڵئاوایی بکەن.
2- نەهەڵوەشاندنەوەی (ی. ە. ك) و (سەندیکا) بە (دوو لەسەر سی) ی ئەندامان کراوە و نەرێکخراوی تازەشتان شەرعییەتی یاسایی وەرگرتوە، بۆیە سەرجەم بڕیارەکانی پوچەڵن.
3- لە ئێستادا بەسود وەرگرتن لە ئەزموونی ڕێکخراوە جیهانییەکان پەیڕەو و پرۆگرامێکی نوی دادەڕێژین کە ڕێکخراوێکی مەدەنی بهێنێتە کایەوە و هونەرمەندان بەماڵی خۆیانی بزانن.

لەبەر ئەوەی چاوەڕوانی هیچتان لێناکەین و بەڵێنەکانتان جێی بڕوانین. دەبێت ئەم هەنگاوانە لە ئێستاوە دەستپێبکات.

**گرووپی هونەرمەندانی ناڕازیی**

سلێمانی
2006/9/25

## پەیامی نارەزایەتی هونەرمەندان چووە بواری پراکتیک

دوابەدوای دەرکردنی ئەم یاداشتە ڕۆژی 9/25 لە (سەکۆی ئازاد) ی شاری سلێمانی ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندان و بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی لەبەرچاو لە ڕۆژنامەنوسان کۆبونەوەیەکی تریان سازکرد، کە ئامانج لەم کۆبونەوەیە گفتوگۆکردن بوو لە بارەی ئەو یاداشتەی کە بڵاو کرایەوە. دوای گفتوگۆیەکی زۆر کە نزیکەی سی کاتژمێری خایاند، هونەرمەندە ئامادەبووەکان گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە پێویستە بۆ لەمەولا هەنگاوی پراکتیکی بنرێت و بۆ گەیاندنی پەیامی نارەزایەتی هونەرمەندان کاربکرێت بۆ جێبەجێکردنی بڕگەکانی یاداشتنامەکەی سەرەوە ئەویش بە هەنگاوی عەمەلی، هەربۆیە

www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 12:46 2006 -9 -26

بڕیاری ئەوەدرا کە سەر لە ئێوارەی ئەمڕۆ 2006/5/26 لە کاتژمێر (5) ی سەرلەئێوارە کۆبونەوەی گروپەکە ببرێتە نێو بارەگای یەکێتی هونەرمەندان کە بارەگاکەی لە بەرامبەر (تەلەفزیۆنی خاک) ەوە لەوێوە ئەو گروپە ماندەگرن تا جێبەجێکردنی داواکانیان کە خۆی لە دەست لەکارکێشانەوەی سەرجەم بەرپرسانی نوێی رێکخراوی هونەرمەندان دەبینێتەوە و دواتریش لەسەر شێوازێکی نوی و بەسود وەرگرتن لە ئەزمونی رێکخراوە هونەرییەکانی جیهان و لەرێی دانانی پەیڕەو و پرۆگرامێکەوە رێکخراوێکی هونەری مەدەنی بهێنرێتە کایەوە، کە هونەرمەندان بە ماڵی خۆیانی بزانن. هەر لەو کۆبونەوەیەدا گروپ بانگەوازی خۆی ئاراستەی سەرجەم هونەرمەندانی کوردستان کردکە لە چالاکییەکەی ئەمڕۆدا کارایانە بەشداری بکەن، وەکچۆن بانگەشەی بۆ سەرجەم توێژەکانی تریش کرد کە لەم هەنگاوەی هونەرمەنداندا پشتیوانمان بن تاوەکو کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و مەدەنی بونیات بنرێت و گەندەڵی لەناو ببرێت.

سەبارەت بە ناوەڕۆکی یاداشتەکە و پشتگیریکردن لە یاداشتەکە هونەرمەندە بەشداربووەکانی کۆبونەوەکە واژوویان لەسەر یاداشتەکە کرد کە بریتی بوون لە (53) هونەرمەند و ئەوەش ڕادەگەیەنین کە لەرێی سایتەکانی ئەنتەرنێتەوە یاخود هەر سەر لەئێوارەی ئەمڕۆ و ڕۆژانی تریش لەنێو بارەگای یەکێتی هونەرمەندان لەلایەن گرووپەوە فۆرمی تایبەت ئامادەکراوە بۆ کۆکردنەوەی واژو و پشتگیری هونەرمەندان و چین و توێژەکانی تر لە گرووپی ناڕەزایەتی هونەرمەندان.

**گرووپی هونەرمەندانی ناڕازیی**

**ئەو هونەرمەندانەی کە واژوویان لەسەر ناوەڕۆکی یاداشتەکە کردووە بریتین لە:**

1- دڵشاد مستەفا
2- هۆرێن غەریب
3- شەفیق محەمەد
4- مەریوان عمر
5- بورهان قەرەداغی
6- جوان ئیبراهیم محمد
7- نازەنین ساڵح
8- دەروێش عومەرسەعید
9- شوان هیوا
10-ئاوات باقی محمد
11-محمد مستەفا
12-رزگار حەمە رەشید
13-شوان عەتوف
14-نەوروز محمود قادر
15-هاوڕی مستەفا
16-هیوا دۆمان
17-بەهادین عبدوڵڵا
18-زەریا سامی
19-ئازاد پێنجوێنی

20-عزەدین قادر
21-رزگار باهر
22-شاخەوان عبدوڵڵا
23-خالید حمەلاو
24-شەمێران محمد فتاح
25-شۆڕش محمد حسێن
26-کامەران سوبحان
27-ئاسۆ جمال موختار
28-هیلال ئیبراهیم - رۆژنامەنووس
29-ئامانج کەریم - رۆژنامەنووس
30-رەحمان غەریب –رۆژنامەنووس
31-سیروان ڕەشید – رۆژنامەنووس
32-نوری کاکە خان
33-کامەران جمال
34-نامیق حەمە
35-نەسرین حەسەن
36-ئیسماعیل عمر
37-کاردۆ عزیز
38-ئیبراهیم چێوار
39-گۆران علی کریم
40-پشتیوان حسن خاوێی
41-توانا غەنی
42-دانا کەریم
43-کاروان عوسمان چێوار
44-رێزان کەریم
45-زانیار فەتاح
46-نزار نوری
47-پێشڕەو حسێن
48-هیوا فایەق
49-ئامانج عبدوڵڵا
50-تاهیر عبدوالواحید
51-محمد سعید علی
52-محمد سدیق سعید
53-شاهۆ عبدالرحمن محمد